# ليستى كوردى و كارەساتى فره گوته بێژيى

عەلى مەحمود محەمەد 2005-2-25

له جيهاندا ئەوەى بيستوومانه يان بينيومانه يان لەسەرييمان خوێندۆتەوە ئەوەيه هەموو فراكسيۆنێكى پەرلەمانى ووته بێژێك و سەرۆكێكى دياريكراوى هەيە , خۆ ئەمەى كوردستانيش هەروا بوو كه 13 ساڵمان لەگەڵيا به نا مورادى بردە سەر , تەنها ئەوانن دەتوانن ڕاگەياندن بەناو ئەو ليستەوە بدەن , يان هەڵوێست دەربڕن , ياخود بڕيار بدەن , ئەويش پاش گفت و گۆو ڕێك كەوتن له نێوان هەمووان . ئەوانەى ناوييان له ليستەكەدا نييه , پلەى سياسييان چەندە بەرزيش بێت خۆ له كاروبارييان هەڵناقورتێنن و كارييان بەسەرييانەوە نييه . بەڵام له كوردستان به پێچەوانەوە , هێشتا فراكسيۆن كۆبونەوەيەكى نەكردووە , ئەوانەى ناوييان له ناو پاڵێوراوان نيه زۆرتر تەسريحى گەورە گەورە دەدەن , بونەتە زمان حاڵ , به ڕاست و چەپدا پێيا دەكێشن . هەموو كۆلكه سياسييەكانى كورد له ڕاست خۆيانەوە بوونەتە قسەكەرى فراكسيۆنى كوردى , ئەوەندە قسەدەكەن خەريكه داخوازەكانى كورد سوك و ڕسوا دەكەن , ئاساييه لەم نێوەدا سەرۆكى ليست كه ناوى ژمارە يەكەمە ببێتە قسەكەرى ئەو ليستە , بەڵام نەك ژێر ليست , يان ئەوانەى ناوييانى تێدا نەهاتووە .

يەكێك كه ناوى له ليستەكەدا هەر نييه , لەگەڵ پاڵاوتنى ئيبراهيم جەعفەرييە بۆ پۆستى سەرۆك وەزيران , ئەوى ديكە نيگەرانە چونكە هەڵوێستى ڕوون نييه لەسەر كەركوك و عەلمانييەت , ئەم پيرۆزبايى بۆ دەنێرێت , ئەو نيگەرانى دەردەبڕێت , وەرن سەيرى ئەم كاريسە سياسييە كەن كورد تووشى بووە , كورد و دەنگەكانمان لەم قوراوە سياسييە دەركەن .

لەوەتەى هەڵبژاردن ئەنجام دراوە ڕۆژێكم بۆ بيننەوە كاربەدەستێكى گەورەو بچووكى ئەم دوو حيزبە ڕاگەياندنێكييان نەدابێت بۆ ڕاگەياندنەكان لەسەر ليستى كوردى و داخوازەكانى و مامەڵە سياسييەكانى , خۆيان كردووە بە مەزەى هەواڵنێرە بيانييەكان . بابە ڕاوەستن تۆزێك ئارامتان هەبێت , سياسەت بەهەرزەكارى و خۆدەرخستن نا كرێت , با ليستەكە كۆبونەوەيەك ساز دەن و سەرۆكى فراكسيۆن ديارى بكەن , ئەوجا تەسريحاتى ئاگرينى وا بدەن , ئەگەر شەڕيشى لىٚ كەوتەوە , تەنها له كوردستان هەڵمەيەن هەموو لەگەڵتانايين .